هەندێک زیکر هەیە هەرکەسێک بیانخوێنێت لە پاش هەموو نوێژێک؛ ئەوا بێبەش ودۆراو نابێت: (سبحان الله) سی وسێ جار، و(الحمد لله) سی وسێ جار، و(الله أكبر) سی وچوار جار

لە کەعبی کۆری عوجرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەندێک زیکر هەیە هەرکەسێک بیانخوێنێت لە پاش هەموو نوێژێک؛ ئەوا بێبەش ودۆراو نابێت: (سبحان الله) سی وسێ جار، و(الحمد لله) سی وسێ جار، و(الله أكبر) سی وچوار جار».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەندێك زیکر هەیە ؛ هەرکەسێك بیڵێت دۆراو وپەشیمان نابێت، بەڵکو پاداشتی ئەم زیکرانەی بۆ دەنووسرێت، کە لەپاش یەکتر دەووترێن، لەدوای نوێژە فەرزەکان، ئەوانیش بریتین لە: (سبحان الله) سی وسێ جار، واتا: پاك وبێگەردی بۆ خوای گەورە وهەموو عەیب وکەموکورتیەك دوورە لە ئەو زاتە. و(الحمد لله) سی وسێ جار، واتا: حەمد وستایش بۆ الله بە وەسف وستایشێکی کامڵ وتەواو لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزندانانی. و(الله أكبر) سی وچوار جار، واتا: الله لە هەموو کەسێك وشتێك مەزنتر وشکۆدارترە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6259